هەرکەسێک ڕازی بێت بەوەی (اللە) پەروەردگاری بێت، ئیسلام ئاینی بێت، وموحەمەد پێغەمبەری بێت؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک ڕازی بێت بەوەی (اللە) پەروەردگاری بێت، ئیسلام ئاینی بێت، وموحەمەد پێغەمبەری بێت؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت»، ئەبو سەعید زۆر بەلایەوە سەیر بوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دووبارەی بکەرەوە، ئەویش فەرموودەکەی دووبارە کردەوە، پاشان -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: «کردەوەیەك هەیە خودا بەهۆیەوە سەد پلە بەندە بەرزدەکاتەوە لە بەهەشتدا، وماوەی نێوان هەردوو پلەیەک وەکو (ماوەی دووری) نێوان ئاسمان وزەوییە»، ووتی: ئەو کردەوەیە چییە ئەی پێغەمبەری خودا؟ ئەویش فەرمووی: «جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە، جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی بە ئەبو سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت-: هەرکەسێك باوەڕ بهێنێت بە اللە وڕازی بێت بەوەی پەروەردگار وپەرستراو وپادشا وگەورە وفەرمانداری بێت، وڕازی بێت بەوەی ئیسلام ئاینی بێت وملکەچی هەموو فەرمان ونەهیەکانی بێت، وڕازی بێت بەوەی موحەمەد -صلی اللە علیە وسلم- پێغەمبەری بێت وباوەڕ بهێنێت بە هەموو ئەوەی پێی نێردراوە وگەیاندوویەتی؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەم کەسە مسۆگەر کراوە، ئەبو سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت- ئەمەی بەلاوە سەیر بوو، ووتی: ئەم قسانەم بۆ دووبارە بکەرەوە ئەی پێغەمبەری خودا، ئەویش دووبارەی کردەوە، پاشان پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: سیفەت وکردەوەیەکی تر هەیە کە خوای گەورە بەهۆیەوە سەد پلە بەندە بەرز دەکاتەوە لە بەهەشتدا، ولە نێوان دوو پلەدا وەکو دووری نێوان ئاسمان وزەوییە، ئەبو سەعید ووتی: ئەو کردەوەیە چییە ئەی پێغەمبەری خودا؟ ئەویش فەرمووی: جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە، جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4193